ئەی خەڵکینە، خودای گەورە پاک وپیرۆزە وهیچ شتێک قبوڵ ناکات مەگەر پاک نەبێت، وخودا فەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەی خەڵکینە، خودای گەورە پاک وپیرۆزە وهیچ شتێک وەرناگرێت مەگەر پاک نەبێت، وخودا فەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران، بۆیە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا، إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ [المؤمنون: 51]، {ئەی نێردراوانی خودا لە خۆراکی پاک و(حەڵاڵ) بخۆن وکردەوەی چاک بکەن، وبەڕاستی من بەوەی ئێوە دەیکەن ئاگادارم}، هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ [البقرة: 172]، واتە: {ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە بخۆن لەو خواردەمەنیە پاکانەی کردوومانە بە ڕۆزیتان وسوپاستی خودا بکەن ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن}، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی پیاوێکی کرد لەسەفەرێکی دوور و درێژدا قژی تێکچووە وشێواوە وجلەکەی تۆزاوپە، ودەستی بەرز دەکاتەوە بەرەو ئاسمان، ودەڵێت: ئەی پەروەردگار (یا رب)!، ئەی پەروەردگار (یا رب)!، وبەڵام ئەم کەسە خواردن وخواردنەوە وپۆشاکی بەری حەرامن،و لەسەر خواردنی حەرام گەشەی کردووە، دەی چۆن وەڵامی دۆعای ئەو جۆرە کەسە دەدرێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە پاك وپیرۆزە وهەموو کەموکورتی وعەیبێك لە ئەو دووڕە وخاوەنی سیفەتە کاملەکانە، وهیچ قسە وکردەوە وبیروباوەڕێك قبوڵ ناکات مەگەر پاك بێت، وبە دڵسۆزی بۆ اللە ئەنجامدرابێت، وبە پێی سوننەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت، وتەنها بەم ڕێگایە مرۆڤ دەتوانێت لە پەروەردگار نزیك بێتەوە، ولە گەورەترین هۆکارەکان بۆ پاکێتی کردەوەکانی باوەڕدار بریتیە لە خواردنی پاك، ودەبێت خواردنێکی حەڵاڵ بێت، بەم شێوەیە کردەوەی پاك دەبێت، بۆیە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران بەوەی خواردنی حەڵاڵ بخۆن وکردەوەی چاك ئەنجام بدەن، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا، إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ [المؤمنون: 51]، ﴿ئەی نێردراوانی خودا لە خۆراکی پاک و(حەڵاڵ) بخۆن وکردەوەی چاک بکەن، چونکە بەڕاستی من بەوەی ئێوە دەیکەن ئاگادارم﴾، هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ [البقرة: 172]، واتە: ﴿ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە بخۆن لەو خواردەمەنیە پاکانەی کردوومانە بە ڕۆزیتان وسوپاسی خودا بکەن ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن﴾. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە خواردنی حەرام چونکە کردەوە پوچەڵ دەکاتەوە وڕێگر دەبێت لە قبوڵبوونی؛ هەرچەندە مرۆڤ هۆکارە دیارەکان جێبەجێ بکات بۆ قبوڵبوونی، لەو هۆکارانەیش: یەکەم: دووری سەفەر کردن بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان وەکو حەج وجیهاد وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی وهتد. دووەم: ئاڵۆزی وناڕێکی قژ بەهۆی شانە نەکردن، وگۆڕاوی ڕەنگی وڕەنگی جلەکەی بەهۆی خۆڵەوە؛ بە هۆی سەفەروە وپێویستی بە یارمەتی اللە یە سێیەم: بەرزکردنەوەی دەست بەرەو ئاسمان بۆ نزا کردن. چوارەم: پاڕانەوە لە خوای گەورە بە ناوەکانی وزۆر تکاکردن لەم پاڕانەوەیەدا بە ووتنی: (یا رب ، یا رب) واتە: (ئەی پەروەردگار، ئەی پەروەردگار)! سەرەڕای جێبەجێکردنی ئەم هۆکارانەیش بۆ وەڵامدانەوەی نزا بەڵام نزاکانی وەڵام نەدرایەوە؛ چونکە خواردن وخواردنەوەکەی حەرامە وجلەکەیشی بەهەمان شێوە، ولاشەی بە خواردنی حەرام گەورە بووە، بۆیە هەرکەسێك سیفەتەکانی بەم شێوەیە بێت؛ دووڕە لەوەی وەڵامی بدرێتەوە، چۆن وەڵام دەدرێتەوە؟!


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee